# دوو دڵ لە یەک سینە دا

پۆلا سەعید

کە دێمەوە دەرکی حەوشەی وڵات
نامۆیی سەراپام داگیر دەکات
کە دەگەڕێمەوە نێو کۆڵانەکانی هەندەران
خەمە میراتگرەکانی هەگبەی مێژووم
بەجارێک هەراسانم دەکات،
نامۆیی لە وڵات هەرگیز دەستی لە ئێخەم بەرنادات
هەندەرانیش هەرگیز کۆتری دڵم
لە باوەشیدا کەویی ناکات،
هێند لە کوردستان دا نامۆم
لە هەندەران دا ساڵی جارێک چییە
پاروویەک زووخاوی ژێردەستەیی ناخۆم،
سەیرە کە نەدەستم لە سەری پەنجەی ئەویینەکەی وڵات ئەبێتەوە
نە کەڵلەی حەسرەتی یاخییشم
لە بێشەی هەندەران دا ئەحەوێتەوە،
دوو دڵ لە سینەمدا ترپەیانە
یەکێکیان بۆ ئازادیی کوردستان
ئەوی تریان بۆ دڵنیاییی هەندەران،
منی نامۆ لە شوێنێکی دی نیم

www.kurdistannet.org

من خودی خۆم بوونیەتێکی دیم،
بۆیە هێند لە کوردستان دا هەست بە نامۆییی دەکەم
لە هەندەران دا بەرێکەوتیش چییە پێکێک
بۆ خەمی دیلێتیی هەڵنادەم،

06.07.04

www.kurdistannet.org